# دەق لە چاوەڕوانی خوێنەردا

**حسەین لەتیف**
**(دەربەندیخان)**

ئایا دەقی كراوە بریتییە لەوەی دەقنووس بە بڕیارێكی پێش وەختـە دەینووسـێت؟ خـۆی بۆ نووسـینی ئامـادە دەكـات؟ ئەی تایبـەتمەندییـەكـانی چین؟ ناسـاندنی هەر ژانرێكی ئەدەبی لە ڕێگای ناساندنی تیورەكانی زانستی دەقەوە دەكرێت.

ئەمـبێـرتۆ ئیكۆ، بۆ یەكـەم جار لەسـاڵی ١٩٥٨ ئەو دەسـتـەواژەیەی بەكـار هێناو كـتـێـبـێكی بەناوی "دەقی كـــراوە"(١) بڵاو كـــردەوە، ســـەرەتا ئـەو زاراوەیەی بۆ قـسـەكـردن لەسـەر ڕسـتـێـك كـاری مۆسـیـقـای كـلاسـیـك بەكـارهێناوە. ئیكۆ پێی وایە "كـاره مـۆسـیـقـیـیـە كلاسیكییـەكان پەراوێزێك لەئازادییان بە ژەنیارەكـان لە جێبەجێكردنی نۆتەكاندا بەخشیوە"(٢). ئەو ئاوازەی كە بەرهەم دەهێنرێت بەتەنیـــا بەرهەمی ئـەندێشـــە و بیركردنەوەی نۆتەنووسەكان نییە، بەڵكو مۆسیقارەكانیش بەجۆرێك لە بەرهەمهێنانەوەیدا بەشدار دەبن، بەمـەش ئاوازەكـان زیاد لە بەرهەمـهێنەرێكیـان دەبێت، ئەمـەش واتە هەبوونی ڕووبەرێك، یان بۆشـاییـەك كـە دەبێت ژەنیـار پڕی بكاتەوە. كرانەوەی نۆتەكـان لەسـەر توانایی ژەنیـارەكـانیـان وەسـتـاوە، جێبـەجێكردنی نۆتەكـان بەو شێوەی ئازادییـەك بۆ ژەنیار دەهێڵرێتەوە، جۆرێكە لە گفتوگۆ لەنێوان نۆتەنووس و میوزیكزان. لێرەوە برێك لە دەســەڵاتی نۆتەنووس لەبەین دەچێت و لە بریتــیـدا دەسەڵاتی میوزیكزان جێبەجێكار دەردەكەوێت.گەیشتنی خـەیاڵی نۆتـەنووس بەبیـسـەر دەوەسـتـێـتـە سـەر ئەوەی میـوزیكزان جێبەجێكار چۆن ئەدای ئەو ئازادییە دەكات كە نۆتەنووسەكە پێ بەخشیوە. نۆتە بەر لە جێبەجێكردن لە جەستەیەك دەچێت بەبێ گیان، ئەوە ژەنیارە كە ژیان و گـیـــانی پێ دەبـەخـشـێت. ئەگـەر نۆتەنووس هاوتای دەقنووس بێت و نۆتە خـــودی دەق بێت، ئەوە ژەنیـــار ڕاڤـەكـاری دەقـە، ئەداكـردنی نۆتەكـان دەكـرێت وەك



ئەمبێرتۆ ئیکۆ

خوێندنەوەی ژەنیار بۆ نۆتەکان تەماشا بکرێت.

پاشتر ئیکۆ ئەم زاراوەیە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی جیمس جۆیس بەکار دەهێنێت، چونکە بەتێڕوانینی ئیکۆ ڕۆمانی "ئۆلیس، لە شارێک دەچێت بەردەوام بۆی دەگەڕێینەوە، بۆ ئەوەی ڕوخسارەکان ببینین و خەڵک بناسین و پێوەندی بنیاد بنێین و بەرژەوەندییەکان ئاراستە بکەین"(٣).

جیهانێک دەخەنە ڕوو دەکرێت لە هەر گۆشەیەکەوە بتەوێت تەماشای ئەو جیهانە بکەیت، دروست وەک شارێک کە زیاد لەدەروازەیەکی هەبێت بۆ چوونە ژوورەوە و چەند ڕێگایەکیش هەبێت بۆ هاتنە دەرەوە، بەتایبەتی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی"بنەماڵەی فاینیکاس"، هەر ڕووداوێک لەگەڵ کۆی ڕووداوەکانی تردا پەیوەست دەکرێتەوە، ڕاڤەکردنی هەر پەرەگرافێک ڕەنگدانەوەی بەسەر بەشەکانی تری ڕۆمانەکەوە دەبێت، ئەم تایبەتمەندییەی ڕۆمانەکانی جیمس جۆیس، جۆرێک لەکرانەوەی پێ بەخشیوە، دەکرێت بەدەقی کراوە ناو ببرێن. ئەمبیرتۆ ئیکۆ دەقی ڕۆمانەکانی جۆیسی بەم گۆشەنیگایە خۆێندووەتەوە نەک دەقی شیعری، واتە ئەو دەقانەی پێ خوێندووەتەوە کە لە ڕەگەزی گێڕانەوەن، یان ڕەگەزی گێڕانەوە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تری دەق زاڵترە. مەبەستمانە بڵێین ئەم تیورە یەکەم جار بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان بەکار براوە نەک شیعر، هەرچەندە شیعریش جۆرێکی تری گێڕانەوەیە، بەڵام گێڕانەوەی شیعری جیاوازە لەگێڕانەوەی داستانی، یان ڕۆمان. ئەوەش زۆر جار بەهۆی تەمومژی لەئاماژە و میتافۆرەکاندایە، بۆیە لە خوێندنەوەی دەقی شیعری بە تیوری دەقی کراوە دەبێت هەستیارتر بین.

## سەردەمی دەق/ خوێنەر

دەکرێت هەتا کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم، بە سەردەمی زێڕینی دەقنووس ناوببرێت، چونکە دەقنووس هەژموونێکی لە ڕادەبەدەری بەسەر دەقەوە هەبوو، ئەو مانایانەی دەقنووس بەدەقی بەخشیبوون مانای یەکەم و کۆتایی بوون، دەق و خوێنەر ملکەچی ئەو مانایانە بوون دەقنووس بە دەقی دەبەخشین، جۆرێک لە دیکتاتۆریەتی ئەدەبی لە ئارادا بوو، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی شەستدا کۆتایی بە دەسەڵاتی دەقنووس دێت، بەڵکو سەردەمێکی تر لە کایەی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیدا دەست پێ دەکات، ئەو سەردەمەش بەسەردەمی دەق/ خوێنەر ناو دەبرێت. لەم قۆناغە بەدواوە دەقنووس تەنیا مافێکی ڕەمزی بەسەر دەقەوە دەمێنێت، لەبەرانبەردا خوێنەر یاری خۆی لەدەقدا دەکات. بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی ئەمبیرتو ئیکۆ(دەقی کراوە)، هەروەها ڕاگەیاندنەکەی بارت"مەرگی نووسەر"(٤)، درزێکی گەورە کەوتە نێوان خوێنەر و دەقنووسەوە، چونکە وەک چۆن خوێنەر بە ماناکانی دەقنووس ڕازی نییە، ئاوەهاش دەقنووس بەو مانایانە ڕازی نییە کە خوێنەر بە دەقی دەبەخشێت. ئەمبرتۆ ئیکۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات خوێنەر بە گوێرەی "ویستی دەقنووس ڕاڤە ناکات، بەڵکو بە گوێرەی ئەو ستراتیژە ئاڵۆزە دەیکات لە ئەنجامی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەردا دروست دەبێت"(٥). پاشخانی ڕۆشنبیریی خوێنەر ڕۆڵی لە ڕاڤە و بەخشینی مانای جیاواز بەدەق هەیە، ئیکۆ باس لە (خوێنەری ئینسکلۆپیدی) دەکات، واتە هەتا خوێنەر مەعریفەی دەربارەی زمان و دەق و کێشەکانی سەردەم زیاتر بێت، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەق دەبێت. ڕۆلان بارت، لە پرسی دەقئاوێزاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پێویستە " لە دایکبوونی خوێنەر لەسەر حسابی مەرگی نووسەر بێت"(٦). هەر یەک لە ئەمبرتۆ ئیکۆ و ڕۆلان بارت کۆتایی دەسەڵاتی دەقنووس ڕادەگەیەنن و لەبریتیدا خوێنەر و پرۆسەی خوێندنەوە دەبنە تێمای کاری ڕەخنەیی ئەوان. دەقنووس، خوێنەر، دەق، پێکەوە سێگۆشەیەک پێکدەهێن. هەموو دەقێک وەک چۆن پێویستی بە دەقنووسێکە ئاوەهاش پێویستی بە خوێنەرێکە

بیخوێنێتەوە. فەرامۆشکردنی خوێنەر و خوێندنەوە، واتە لەدەستدانی یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی دەق. ئەگەر دەقنووس لەکاتی نووسینی دەقەکەیدا، خوێنەری (ضمنی-نادیار) لەبەرچاو بگرێت و بۆی بنووسێت، ئەوە خوێنەری ڕاستەقینە پاش بڵاوبوونەوەی دەق دەردەکەوێت، خوێنەری نادیار خوێنەرێکە لەکاتی پرۆسەی نووسینی دەقدا هەمیشە ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیە، دەکرێت بە نادیاری ئامادە ناوببرێت. دەتوانین نموونەیەکی بەرجەستەی وەک "نامەکان بۆ میلینا"(٧)ی فرانز کافکا بهێنینەوە، کافکا بەردەوام نامەی بۆ میلینا نووسیوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی نامەکانی بکات. خوێنەری نادیاری ئامادە لە ڕووی زەمەنییەوە پێوەندی بەو زەمەنەوە هەیە دەقەکەی تێدا نووسراوە، یان دەنووسرێت، بەڵام خوێنەری ڕاستەقینە خوێنەری دوای بڵاوبوونەوەی دەقە.

خوێنەرە ڕاستەقینەکانی دەق (دەرهێنەرە شانۆیی، سینەمایی، ڕەخنەگر، جۆرنالیستە ئەدەبییەکان)ن، ئەمانە ئەو خوێنەرانەن دەق لە دۆخی مەتبوون و بێ گیانییەوە دەگوێزنەوە بۆ دۆخی بزاوتن و ژیانی پێدەبەخشن، هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو سپێتییانە دەدەن کە لە دەقدا هەن، هەوڵی وتنی ئەو شتانە دەدەن دەق نەیتوانیوە بیانڵێت، یان بەشاراوەیی هێشتوونییەوە، مانای جیاواز بە ئاماژەکان دەبەخشن، جیاوازتر لەو مانایانەی دەقنووس بە ئاماژەکانی بەخشیوە، چونکە هیچ ئاماژەیەک نییە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاماژە بۆ کراوێکدا لە پێوەندیدا بێت. بۆ نموونە: وشەی "ئاو"دەکرێت لەیەک کاتدا چەند ئاماژە بۆ کراوێکی هەبێت، لای خوێنەرێک دۆخی تینوێتی ئیمامی (حسێن)بەیاد بهێنێتەوە، لای خوێنەرێکی تر (ئاوی نەمری بێت) و لەلای یەکێکی تریش ئاو ($H_2O$) بێت، بەگوێرەی پاشخانی خوێنەرەکان دەکرێت هەر ئاماژەیەک زیاتر لە ئاماژە بۆ کراوێکی هەبێت. دەکرێت وشەی"ئاگر"ململانێی نێوان خوداکانی یۆنان، یان ئەو کچانەمان بیر بخاتەوە کە خۆیان سوتاندووە. لێرەوەیە دەتوانین بڵێین زیندوێتی هەر دەقێک چەندە لە پرسیاری ئەزەلی و ئەبەدی، لەپرسیاری پەیوەست بە کێشەکانی مرۆڤی سەردەمدایە، هێندەش لەو خوێندنەوە جیاوازانەدایە بۆی دەکرێت. دەکرێت دوو دەرهێنەری سینەمایی، یان شانۆیی، لە ئامادەکردنی دەقیکی وەک "لەچاوەڕوانی گۆدۆ"دا دوو ڕوانگەی جیاواز بۆ گۆدۆ بخەنە ڕوو، بۆ نموونە، لە یەکەمیاندا گۆدۆ ئاشتییەکی سەرتاسەری جیهانی بێت، بۆ پیرەژنێک هاتنەوەی کوڕە تاقانەکەی بێت لە بەرەکانی جەنگ، بۆ خوێنەرێکی کوردیش هاتنەوەی ئەنفال کراوەکان بێت، لای عارفێک گەیشتن بێت بە نووری خودا، یان دەکرێت هەر دۆخێکی بێزاری بێت. زۆرێک لە ڕۆمانە پڕ فرۆشەکانی دنیا ئەو ڕۆمانانەن کە خوێنەری نادیاری دەقنووسەکانیان لە کوڕ و کچانی خوێندکارانی زانکۆ پێکدێن، وەک ڕۆمانی "هەڵەی ئەستێرەکانمان بوو"(٨)ی جۆن گرین و چەندانی تریش، مومکین نییە دەقنووسێک هەبێت بە بێ خوێنەرە نادیارەکەی بنووسێت.

لە بەرانبەر خوێنەری نادیاردا خوێنەری ڕاستەقینە هەیە، خوێنەرە ڕاستەقینەکان نووسەرەوەیەکی تری دەقەکانن. دەقەکان پاش چاپکردن و بڵاوکردنەوە، قۆناغی خوێنەری نادیار تێدەپەڕێنن و بەدوای خوێنەری ڕاستەقینەی خۆیاندا دەگەڕێن، هەندێکیان خوێنەرە ڕاستەقینەکانی خۆیان دەدۆزنەوە و هەندێکی تریشیان نایدۆزنەوە. لە بەرانبەر خوێنەر بەدەربڕینی بارت و خوێنەری ئینسکلۆپیدی بەدەربڕینی ئیکۆ، بەوەرگرتنی نموونەیەک لە ئۆرهان پامۆک دوو تایپ لەخوێنەر بە یاد دەهێننەوە، (ئەوانیش (خوێنەری ساویلکە/ خوێنەری هەستیار)ن، پامۆک باس لەوە دەکات بەردەوام کێشەی لەگەڵ "خوێنەردا هەیە، خوێنەری ساویلکە ئەو خوێنەرانەی ئەون بەردەوام دەقەکانی وەک حیکایەتی ژیانی تایبەتی ئەو دەخوێننەوە، هەرگیز ناتوانێت قەناعەتیان پێ بکات ئەوەی کە نووسیویەتی، حیکایەتی ژیانی تایبەتی خۆی نییە، بەڵکو جۆرێکە لەتەلاری هونەری. هەرچی خوێنەری هەستیارە، ئەو جۆرە خوێنەرەیە هەرگیز دەقەکانی وەک حیکایەتی ژیانی تایبەتی نابینێتەوە، بەڵکو وەک تەلارسازی دەیبینێتەوە"(٩). دەقی کراوە، پێویستی بە جۆری دووەمی ئەو خوێنەرەیە کە ئورهان پامۆک باسی دەکات، چونکە کاری بەسەر حیکایەتەکانی ناو دەقەوە نییە، بەڵکو کاری بەسەر ئاماژە و ئاماژە بۆ کراوەوە هەیە، کاری بەسەر ئەو پرسیارانەوە هەیە کە دەق دەیان وروژێنێت، بەو مانایانە ڕازی نییە دەقنووس بەرهەمی هێناوە، بەڵکو خۆی مانای تر بەرهەم دەهێنێتەوە، خوێنەری هەستیار لە ڕێگای خوێندنەوەکەیە و ئاسۆی خوێندنەوەی جیاوازتر دەکاتەوە، لە ڕێگای وروژاندنی پرسیارەکانییەوە گرێمانەی پرسیاری تر دروست دەکات. کاتێک دەڵێین دەقی کراوە مەبەست لەو دەقەیە هەڵگری فرە پرسیار و فرە خوێندنەوەیە، قابلیەتی پێ بەخشینی



**شێرکۆ بێکەس**

مانای جیاوازی هەیە، لەهەمان کاتدا دەقی کراوە بە خوێندنەوە و ڕاڤەوە پەیوەستە، ئەوەی دەق بەرەو کرانەوە دەبات خوێنەر و جۆرەکانی خوێندنەوەیە. کردنەوەی کۆدەکانی دەقە لەلایەن خوێنەرەوە، واتە دەقی کراوە بەتەنیا بەرهەمی دەقنووس نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی دوولایەنەی نێوان دەقنووس و خوێنەرە. دەقی کراوە تێمای خوێندنەوەیە نەک نووسین."چەمکی کرانەوە بەجەمسەری ڕاڤەکارەوە پەیوەستە "(١٠)، نەک بەدەقنووسەوە. ڕۆلان بارت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە هەموو دەقێکدا ڕووبەری سپی، نەوتراو هەیە. ڕووبەرە سپییەکان دەبێت پڕ بکرێنەوە، نەوتراوەکانیش دەبێت بوترێن، ئەمانەیش ئەرکی خوێنەرە، خوێنەری هەستیار. لە هەموو گێڕانەوەیەکدا چەپێنراو و بێدەنگ کراو هەیە، هۆکاری چەپێنراو و بێدەنگ کراوەکان بۆ هەژموونی دەسەڵاتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و رامیارییەکان لە ناو کۆمەڵگەدا دەگەڕێتەوە، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر دەسەڵاتی خەیاڵ و زمانە، چەندە دەسەڵاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا لەمپەرن لە بەرهەمهێنانی دەقدا، ئەوەندەش دەسەڵاتی خەیاڵ و زمان خۆبەدەستەوە نەدەرن، ئەرکی خوێنەری وریایە، ئەو نەوتراوانە بدۆزێتەوە و بیانڵێت، ڕووبەرە سپییەکان پڕ بکاتەوە.

**دەقی کراوە گەڕان بۆ ڕەگە عەرەبییەکانی**

پاش ئەوەی هەر تیۆرییەکی ڕەخنەیی لە ڕۆژئاوا دەردەکەوێت و لەرێگای وەرگێڕانەوە دەگات بەخوێنەری عەرەبی، خێرا ڕەخنەگرانی عەرەب دەبن بەدوو بەشەوە، بەشێکیان تیورەکان وەک خۆی دەناسێنن، لەفۆرم و ناوەرۆکە ڕۆژئاواییەکەیدا، بەشێکی تریشیان لە ناو کەلەپووری شیعر و تێکستی قورئاندا بە دوای ڕەگە عەرەبییەکانی ئەو تیورەدا دەگەڕێن.

لە پرسی دەقی کراوەدا هەندێکیان دەیانەوێت گونجانێک لە نێوان تیورەکەی ئیکۆ و بۆچوونەکانی عەبدولقەهار جرجانی دروست بکەن، قەهاری جرجانی خاوەنی تیوری (واتای واتا/ واتای دووەم)، بەگوێرەی ئەم تیورە"هەموو خوێندنەوەیەک بەدیهێنەری تواناییەکی ئاماژەییە کە پێشتر نەبووە، تا لە نۆژین کردنەوەی دەقدا بەشداری بکات کە هەڵگری ئەو تواناییە، ئەمەش لای عەبدولقەهار جرجانی بە (واتای دووەم)، یان (واتای واتا) ناو دەبرێت".(١١) بە نموونە هێنانەوە لە دنیای ئەبوتەمام، جارێک "خوێنەرێک لێ پرسی: بۆ شیعر بە شێوەیەک ناڵێیت خەڵک لێی تێ بگەن؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: دەبێت ئێوە ئاستی تێگەیشتنان بەرزبکەنەوە هێندەی ئەو هەوڵەی داهێنەر لە بەرهەمهێنانی دەقدا هەیەتی"(١٢). ڕاستییەکەی ئەمە بەڵگەیەکی لاوازە بۆ بوونی سەرەتاکانی دەقی کراوە لە ناو شیعر و ڕەخنەی عەرەبیدا، چونکە دەقی کراوە بەرهەمێکی ڕۆژئاواییە، عەرەب نەهاتوون تیوریزەی بکەن و چەمک و زاراوەی تایبەتی بۆ دابهێنن و بەدەزگایی بکەن. ڕیزکردنی ناوی کۆمەڵێک شاعیر گوایە دەقی کراوەیان نووسیوە ناچێتە خانەی تیوری دەقی کراوەوە، بەڵکو خوێندنەوە دەق دەکاتەوە. دەقە قورئانییەکان کاتێک دەبن بە دەقی کراوە کە خوێندنەوە جیاوازەکانی ئەدۆنیس و نەسر حامید و عەلی حەرب سەرهەڵدەدەن. تێنەگەیشتنی هەندێک لە ڕەخنەگرانی عەرەب لە دەقی کراوە لە ژینگە ڕۆژئاواییەکەیدا ئەوەی خولقاندووە بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان دەقی کراوەیە. نموونە لە"بوونەوەرە جوانەکانی فازڵ عەزاوی"(١٣) دەهێننەوە، دەکرێت بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان بۆ خۆی ئەزموونێکی تایبەت بێت و بەبێ بانگەشە بۆ کردن تاقی بکرێتەوە، هەرچەندە ئەو ئەزموونەش بە زیانی دەق دەشکێتەوە، چونکە دواجار هیچ ژانرێک لەدەرەوەی پێوەرەکانی خۆی نییە. بۆ نموونە ئەگەر بە دەقنووسێک بوترێت ئەم پەرەگرافە شیعریەتی تێدا نییە، دەقنووس بیانوو دەهێنێتەوە و دەڵێت: ئەوە

(گێڕانەوە)یە، ئەگەر بڵێین ئەو پەرەگرافە گێڕانەوەی لاوازە بیـــانوو دەهێنیـــتـــــەوە و دەڵێت: ئەوە وێنەی(شیعری)یە، بۆیە ئەمەی بەناوی دەقی کراوە لە ناو ڕەخنەی عەرەبیدا هەیە جۆرێکە لە ئیستهلاککردنی چەمکی دەقی کراوە.

## ملوانکەی شێرکۆ بێکەس و دەقی کراوە

شێرکۆ بێکەس لەو شاعیرانەی ناو ئەدەبیاتی کوردییە ڕەخنەی کـــوردی زۆرترین ئاوڕی لێ داوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە دەسەڵاتی سیاسی کوردییەوە نزیک بووە، زۆر جار ئەو ڕەخنانە بابەتی نەبوون، زۆرتر تایبەت بوون بەهەڵوێستەکانی ئەو و کەمتر بەدەوری جیهانی شیعری ئەودا سوڕاونەتەوە، یان ستایشکردنی ئەو بوون، یان ڕەخنەیەکی ئایدۆلۆجی بوون، لێرەشدا ئەوەی کە زەرەرمەند بووە ئەزموونە شیعرییەکەی شێرکۆ بێکەس بوو. ئەم شاعیرە بەردەوام ئەزموونی جیاوازی تاقی کردووەتەوە، لە شیعری کێش و سەرواوە بۆ قەسیدە و پۆستەرە شیعر و درامای شیعریی و چیرۆکەشیعر و ڕۆمانە شیعر. کتێبی ملوانکە ئەزموونێکی تری شیعریی شێرکۆ بێکەس)ـە، ئێمە کۆمێنتمان لەسەر ئەزموونی (ملوانکە) هەیە. شاعیر لە سەرەتاوە کۆمێنتێکی نووسیـــوە و دەڵێت: "ئەزمـــوونی ملوانکەی ناو ناوە دەقێکی والا، لە سادەترین پێناسەکردندا، ماڵێکە نە یەک بابەت و نەیەک فۆرمی دیاری کراوی تێدا ناژی هیچ کام لە شیعر و چیرۆک و پەخشان و پەخشانە شیعر و شانۆنامە بە تەنیا خاوەنی هەموو ماڵەکە نین، بەڵام لەهەمان کاتدا ماڵی هەموویشیانە"(١٤). بەگوێرەی ئەم پێناسەیەی شێرکۆ بێکەس بێت دەقی کراوە بریتییە لە بەیەکدا چوونی ژانرە جیـــاوازەکـانی ئەدەب، هەمـوو ڕەگەزەکانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و درامای تێدایە.ئەم تێگەیشتنە بۆ دەقی والا تێگەیشتنێکی هەڵەیە، چونکە داخران و کرانەوەی دەق، بە بڕیاری دەقنووس نییە، دەقنووس دانیشێت و بانگەشەی ئەوە بکات دەقی کراوە دەنووسێت! دەق لە قۆناغی دوای بڵاو بوونەوەیدا لە کـرانەوە نزیک دەبێتـــەوە، دەق بەر لە خوێندنەوە کراوە نییە، خوێنەر دەق دەکاتەوە نەک دەقنووس. تێگەیشتنەکەی شێرکۆ بێکەس بۆ دەقی کراوە دوورونزیک پێوەندی بە تیورەکەی ئیکۆوە نییە، بەڵکو کۆپی کردنەوەی تێگەیشتنی هەندێک لە ڕەخنەگرە عەرەبەکانە، هەر بۆیەشە ئەزموونی ملوانکە لە ڕووی بانگەشە بۆ کردنەوەوە وەک بڕیاری ئەو ڕەخنەگرانە وایە

دەڵێن: "بوونەوەرە جـــوانەکـــــانی فـــــازڵ عـەزاوی"ئەزمـــوونکردنی دەقی کـراوەیە. خـوێندنەوە جیـــاوازەکـان دەق دەکـەن بە دەقی کـراوە، کـاتێک ڕەخنەگـرەکـان بە تیـوری جیـاواز لە یەکـتـر دەقـێک دەخوێننەوە، میوزیکزانەکان ئاوازی جیاوازی بۆ دادەنێن، شانۆکارەکان بۆ نمایشی جیاواز ئامادەی دەکەن، هەموو ئەمانە پێکەوە دەق دەکەن بە دەقی کراوە.ئەم ئەزموونەی شێرکۆ بێکەس، شاعیری ئێراقی فازڵ عەزاوی لە ساڵی ١٩٦٩دا تاقی کـردەوە، هەرچەندە عـەزاوی دەقـەکـەی لەساڵی ١٩٦٥ دا نووسیـوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩دا بڵاوکـراوەتەوە، عـەزاوی لە چاوپێکەوتنێکدا ئامـاژە بۆ ئەوە دەکـات"کـاتێک بوونەوەرەکـانم نووسی ویسـتم هاوشێوەی داستانی پەخشانی بنووسم، هەڵبەتە بەسوود وەرگرتن لە ڕۆمانی (ئۆلیس)ی جیمس جۆیس، ئێستا کە سەیری ئەو ئەزموونەی خۆم دەکەم وەک ڕۆمانێکی کراوە دەیبینم"(١٥).

گرنگە شاعیر دید و تێڕوانینی بۆ شیعر هەبێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە دیدەکەی ڕەگی لەسەرزەمینی ڕەخنەدا بێت، نەک لە شیـعـر خـۆیدا، چونکە ڕەخنە خـۆی تیوریزەکردنە. شاعیر بۆ ئەوەی ئەزموونی جیاواز تاقی بکاتەوە دەبێت دیدی ڕەخنەیی بۆ شیـعـر هەبێت نەک دیدی شیعری بۆ شیعر هەبێت، ئەگەر شێرکۆ بێکەس وەک پێـــویست ئاگـــاداری ڕەخنە بووایە، ئەوە ئەو کـۆمـێنتـەی بۆ کـتـێبی ملوانکە نەدەنووسی. ئەو دوو ئەزمـوونەی هەریەک لە فـازڵ عـەزاوی و شێرکۆ بێکەس دەتوانرێت وەک دوو ئەزمـوونکردنی دنیـای نووسـینی ئەوان بخوێنرێنەوە. تێگەیشـتنەکەی شـێرکـۆ بێکەس لەوەدا کـورتی هێناوە کـەوا تێگەیشـتـووە دەقنووس دەتوانێت دەقی کـراوە بنووسێت، ئەوەی کـە شـێرکـۆ بێکەس فـەرامـۆشی کـردووە ڕۆڵی خـوێنەرە لە دەقـدا. عەبدوڵڵا غوزامی لە کتێبی "الخطیئة و التکفیر" دا باس لەوە دەکات" ئەدەب بریتییە لەدەق و خوێنەر، دەق بەبێ خوێنەر بەدی نایەت، چونکە خوێنەر بڕیار لەچارەنووسی دەق دەدات"(١٦). لەپێشەوە جۆری خوێنەرەکانمان باس کرد وەک خوێنەری ئینسکلۆپیدی لای ئیکۆ، خوێنەری هەستیار لای ئورهان پامۆک، هەروەها خوێنەری نادیار، بەڵام بەتەنیـــشت گـــرنگی ڕۆڵی خــــوێنەرەوە لە بەرهەمـهێنانی دەقدا، یان لە ئاراستەکردنی دەق بەرەو کرانەوە، جۆرەکانی خوێندنەوەیە. فرانتز کافکا کاتێک دەنووسـێت هەرگـیـز بانگەشـەی ئەوەی نەکـردووە کـە دەقێکی کراوەی نووسیوە، پاشتر خوێندنەوە جیاوازەکان،

لە خـوێندنەوەی ئایینی مـاکس برودی هاوڕێیـەوە، بۆ خوێندنەوەی مارکسییانە و کریستیانانە بەرهەمەکانی دەکەن بەدەقی کراوە، تەنانەت کاتێک ڕۆمانی "گۆڕانی metamorphoses" بۆ هاوڕێکانی خوێندووەتەوە خۆی بەردەوام پێکەنیوە، وەک دەقێکی کۆمیدی لێی ڕوانیوە، بەڵام بە دەربڕینی ئەمـبـێـرتۆ ئـیکۆ (خـوێنەری ئینسکلۆپیدیایی) بەرەو کرانەوەیان بردووە. کاتێک جۆیس ڕۆمانەکانی خۆی نووسیوە، ئەوە ئیکۆ بوو ڕاڤەی جیاوازی بۆ کردو بەرەو کرانەوەی بردووە. بە وەرگرتنی نموونەیەک لە بۆرخیس مەبەستەکە ڕوونتر دەبێتەوە، "تامی سێو لەسێوەکەدا نییە، لەو دەمەشدا نییە کە قەپی لێ دەگـرێت، بەڵکو لە بەیەکگەیشـتنی هەردووکیاندایە"(١٧). کرانەوە و داخرانی دەق هاوشێوەی بەیەک گەیشتنی دەم و سێوەکەی بۆرخیسە.

تزیفـیـتـان تۆدۆرۆف لە وتارێکدا بەناوی "چۆن بخوێنینەوە"؟ سێ جۆری خوێندنەوەمان بۆ دەستنیشان دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

**"یەکـەم:** خـوێندنەوەی progective: ئەم جـۆرە لە خوێندنەوە خوێندنەوەیەکی ئاسایی و باوە، سەرنج لەدەق نادات، بەڵکو ڕووی لە دەقنووس و کـۆمـەڵگەیە، وەک دۆکیومێنتێک مامەڵە لەگەڵ دەق دەکات، بۆ سەلماندنی پرسـێکی تایبـەتی، یان کـۆمـەڵایەتی، لەم جـۆرە لە خـوێندنەوەدا خـوێنەر ڕۆڵی داواکـارێک بۆ سـەلماندنی تۆمەتێک دەبینێت.

**دووەم:** خـوێندنەوەی کـۆمـێنتـاری یان شـەرح:ئەم خوێندنەوەیە پەیوەست دەبێت بەدەقەوە، مـانای ڕواڵەتی دەق وەردەگرێت، جۆرێک لە حەسانە بەمانای ڕواڵەتی دەبەخشێت، دەقەکە بە وشەی تر دەگێڕێتەوە.

**سێـهـەم:** خـوێندنەوەی شـیـعـریی poetica: دەق لە مـیـانەی کـۆدەکـانیـیـەوە دەخـوێنێـتـەوە، لەم جـۆرە خوێندنەوەیەدا دەق شانەیەکی زیندووە و لەناوەوی خۆیدا دەجووڵێتەوە، خوێندنەوەی شاعیری لەهەوڵی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی هەمـوو ئەوانەدایە لە هەناوی دەقـدان. بۆ ئەوەی زیاتر لەوە بخـوێنێـتـەوە کـە لە وتراوەکاندایە"(١٨).

ئەم جـۆرەی خـوێندنەوەیە کـە تۆدۆرۆف ئامـاژەی بۆ دەکـات، لای ئەو خـوێنەرانە دەبینرێت کـە خـوێنەری ئینسکلۆپیدی، یان هەستیـارن و دەق بەرەو کـرانەوە دەبەن. هەڵبەتە بەتەنیشت قسەکردن لەسەر دەقی کراوە قـسـە لەسـەر دەقی داخـراویش کـراوە، بەو هیـوایە لەکـاتێکی تردا و لەنووسـینێکی تردا دەقی داخـراویش بناسێنین.

**پەراوێزەکان:**


١- امبيرتو ايكو، الآثر المفتوح، ت: عبدالرحمن بو علي، سنة ٢٠١٠، ط٢.

٢- ن.ص.ص٧.

٣- ن.ص.ص٢٤.

٤- حسین لەتیف، تیوری دەقئاوێزانی ئەدەبی، ساڵ ٢٠١٦، ١٩.

٥- أ.م.د. عبدالله حبيب كاظم. م.م. عزيز حسين علي، النص المفتوح في النقد الغربي الحديث.مجلة: القادسية، العدادان (٣، ٤) سنة ٢٠١٢.

٦- ناتالي بيقى غروس، ترجمة: عبدالحميد مراد، نظرية التناص، تاعلاق، دار النينوي للنشر، ص١٠٦-١٠٧ سنة ٢٠١٢.

٧- فرانتز كافكا، رسائل الى ميلينا، ترجمة: الدسوقي فهمي، الهيئة العامة لقصور الثقافة، سنة ١٩٩٧.

8- The Fualt in our stars,Gohn green.

٩- ئورهان باموك، الروائي الساذج والحساس، ترجمة: ميادة خليل، منشورات جمل، سنة :٢٠٠٩، ص٥٠.

١٠- ئەمبێرتۆ ئیکۆ.هـ. س. ل٤.

١١- سميرە قروي، شعرية التلقي بين سلطة النص و حرية القاريء، كلية الاداب واللغات، جامعة اكلي محمد أولحاج-بالبويرە.

١٢- ن.ص.

١٣- فاضل العزاوي، مخلوقات فاضل العزاوي الجميلة، ط١، سنة ١٩٦٩، ط٢، ٢٠١٠.

١٤- شێرکۆ بێکەس، کتێبی ملوانکە، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٧، ل ٦.

١٥- الآخبار، فاضل العزاوي، العدد ٢٨٣٠، التأريخ ٥-٣-٢٠١٦.

١٦- عبدالله الغذامي، الخطيئة والتكفير، ١٩٨٥.

١٧- الفضاء الشعري الأدونيسي، د.محمد صابر عبيد، دار الزمان، ط١، سنة ٢٠١٢، ص٧.

١٨- محمد عزام، سلطة القاريء في الآدب:
http://www.startimes.com/?t=28059817.